گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper25
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠٥/٠٥
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٠٧/٠٣
ڕكەوتی بلاو كردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# سروشتی دامەزراوەییبونی دەسەڵاتی سیاسی بەگوێرەی ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی

**ئومێد عبدالقادر عبدالکریم[1] - سردار قادر محی الدین[2]**

sardar.muhiddeen@su.edu.krd - omed.abdalkarim@su.edu.krd

[1+2] بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

تیۆری دامەزراوەیی یەکێکە لە کۆنترین ئەو تیۆرییانەی کە بۆ شیکردنەوەی بابەت و دیاردە سیاسییەکان بەکارهێنراوە. ئەم تیۆرییە لە قۆناغی کلاسیکدا زیاتر جەختی دەکردەوە لەلایەنی دەستوری و یاسایی، لەهەمان کاتدا زیاتر بایەخی بە دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت داوە، بەتایبەت دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن. دادوەری). لەدەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردودا، بەهۆی سەرهەڵدان و باڵادەستی قوتابخانەی ڕەفتارگەرایی، ئەم تیۆرە لەلایەن توێژەرانی بوارەکەدا پشتگوێ خرابو. بەڵام دەستپێکردنی قۆناغی نوێی تیۆری دامەزراوەیی و لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردو؛ هەروەها دروستبونی هەر سێ ئاراستەی (مێژویی، کۆمەڵایەتی، بژاردەی عەقلانی) بو بە فاکتەرێکی بەهێز بۆ کەمەرکێشکردن (الاستدراج)ی توێژەران بۆ بەکارهێنانی تیۆری دامەزراوەیی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا.

لەهەمان کاتدا دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە جێگەی بایەخ و مشتومڕ بوە لە شیکارە سیاسییەکاندا، ئەگەرچی ئەم چەمکە زۆرجار لەبەرگی تاکەکەسی و گروپێکی فەرمانڕەوادا وێناکراوە. بەڵام لە ڕاستیدا یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسی دامەزراوەییبونە. بۆ ئەم مەبەستەش لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت، لەلایەک هەڵسەنگاندنی هەریەکە لە دەسەڵاتی سیاسی و ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی بکەین. لەلایەکی تردا سروشتی دامەزراوەییبون و چۆنێتی پرۆسەی دامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەی ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەییدا شیکار بکەین. لەبەرئەوە توێژینەوەکەمان مەبەستێتی

وەڵامی ئەم پرسیارانە لەخۆبگرێت: ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی چین؟ بنەڕەتی ئەم ئاراستانە چۆن دروستبون؟ ئاراستەکانی تیۆری دامەزراوەیی چۆن شیکاری سروشت و پرۆسەی دامەزراوەییکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەکەن؟ لەسایەی ئەم پرسیارانەشدا گریمانەی ئەوە دەکەین کەوا: ئەم ئاراستانە تاڕادەیەکی باش توانیویانە پرۆسە و سروشتی دامەزراوەییکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەڕوی تیۆری و پراکتیکەوە ئاسانتر بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجمانە ئەو فۆرمەی ئەم ئاراستانە سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسی و سروشتی دامەزراوییبون پێشکەشیان کردوە شیکاربکەین. بۆ ئەم مەبەستەش سودمان وەرگرتوە لە هەیەکە لە میتۆدی (شیکاری ناوەڕۆک) بەمەبەستی شیکارکردنی تێڕوانینی ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی. لەگەڵ بەکارهێنانی تیۆری بەراوردکاری لەبارەی بۆچونی ئاراستە جیاوازەکان، هەروەها بنەماکانی تیۆری (دامەزراوەیی)مان بەکارهێناوە بۆ خستنەڕوی چەمک و دیاردەکان. پاشان بەگشتی گەشتین بە ئەو ئەنجامەی ڕوانگە جیاوازەکانی ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی، فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ تیشک خستنەسەر ئەو گۆڕانانەی کە لە چەمک و سروشتی دەسەڵاتی سیاسیدا ڕودەدات. چونکە ئەم ئاراستە نوێیانە توانیان چەند پێشنیازێکی گونجاو سەبارەت بە پرۆسەی دامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتی سایسی لە چوارچێوەی تیۆریی دامەزراوەیی نوێدا پێشکەش بکەن.

**کلیلە وشەکان:** دەسەڵاتی سیاسی، پرۆسەی دامەزرایی کردن، تیۆری دامەزراوەیی، ئاراستەنوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی.

## پێشەکی:

لە ڕاستیدا دەسەڵاتی سیاسی یەکێکە لە ئەو دیاردە سیاسییانەی کە هەمیشە مشتومڕی سیاسی و یاسایی لەخۆگرتوە لە ئێستا و لە ڕابردودا. لەهەمان کاتدا زەمینەیەکی باشی بۆ ململانێ کۆمەڵایەتییەکان ڕەخساندوە. چونکە بابەتێکە پەیوەستە بە کیانی سیاسی و ڕێکخستنی کاروبارەکانییەوە. هەروەها بزوێنەری ژیانی سیاسیە لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش وای کردوە پێویستبونی دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە جێگەی بایەخ لێکۆڵینەوە بوە. لەبەرئەم هۆکارانە شیکارکردنی سروشت و شێوازی پراکتیزەکردن دەسەڵاتی سیاسی لەلایەک، خستنەڕوی ئاراستە و شیوازەکانی ناساندن و بە دامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەکی تردا گرنگی زۆری پەیداکردوە. پێشتر دەسەڵاتی سیاسی پەیوەست بو بە تاکە کەسێکەوە، بەلام بەتێپەڕبونی کات گەشەکردنی شێوازی دەسەڵاتی سیاسی، لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتاندا دەسەڵاتی سیاسی لە خودی فەرمانڕەوا جودایە، سیفەتی دامەزراوەیی وەرگرتوە لە زۆریک لە کۆمەڵگەکاندا بەتایبەتی لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا. واتە: دەسەڵات لە کیانی مەعنەوی دەوڵەتدا بەرجەستە دەکرێت.

ئەمەش وایکرد تیڕوانینی ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراویی گرنگی پەیدا بکەن لەڕوی میتۆدۆلۆژی (المنهجیة)و ئیبستمۆلۆژییەوە (المعرفیة). چونکە تەواوی لایەنەکانی پڕۆسەی دامەزراویی کردن دەخەنەڕو. ئەم بۆچونانە هۆکارن بۆ گۆڕانکاری گرنگ لە شیکارکردن و لێکۆڵینەوە لە چەمکی دەسەڵاتی سیاسیدا.

**گرنگی توێژینەوە**: خۆی لە ئەوەدا بەرجەستە دەکات، تا ئێستا تیۆری دامەزراوەیی بۆ شیکار و هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی سیاسی بەکارنەهاتوە. لەبەرئەوە توێژینەوەکە ئەم خاڵەی بەهەند وەرگرتوە. لەهەمانکاتدا ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی دەخاتەڕو؛ تیڕوانینی ئەم ئاراستانە لە پڕۆسەی دامەزراوەییبوندا شرۆڤەدەکات.

**ئامانجی توێژینەوە**: دەمانەوێت سروشت و شێوازی دامەزراوەیی دەسەڵاتی سیاسی بخەینەڕو، لەهەمان کاتدا بایەخی دامەزراوییکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەستنیشان بکەین. هەروەها هەریەکە لە ئاراستەکانی (مێژویی، کۆمەڵایەتی، بژاردەی عەقلانی) بناسێنین، لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجمانە ئەو فۆرمەی ئەم ئاراستانە سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسی و سروشتی دامەزراوییبون پێشکەشیان کردوە شیکاربکەین.

**پرسیاری توێژینەوە**: ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی چین؟ بنەڕەتی ئەم ئاراستانە چۆن دروستبون؟ ئاراستەکانی تیۆری دامەزراوەیی چۆن شیکاری سروشت و پڕۆسەی دامەزراوەییکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەکەن؟ داهاتوی ئەم پرۆسەیە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕەوتانەدا چۆن دەبێت؟

**گریمانەی توێژینەوە**: ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی بەهۆی گرنگیدان بە بەها و نۆرمەکانی دەسەڵاتی سیاسی، قوڵتر و گشتگیرتر بەبەراورد لەگەل تیۆرییەکانی تری سیستەمی ساسی چۆنێتی دامەزراوییبونی دەسەڵاتی سیاسی شرۆڤەدەکەن، لەهەمان کاتدا ئەم ئاراستانە تاڕادەیەکی باش توانیویانە پڕۆسە و سروشتی دامەزراوەیکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەڕوی تیۆری و پراکتیکەوە ئاسانتر بکەن.

**میتۆدی توێژینەوە**: بەمەبەستی بەدەستهێنانی وەڵامی پرسیارەکان، هەروەها بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، سودمان وەرگرتوە لەهەیەکە لە میتۆدی (شیکاری ناوەڕۆک) بەمەبەستی شیکارکردنی تێڕوانینی ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی. لەگەڵ بەکارهێنانی تیۆری بەراوردکاری لەبارەی بۆچونی ئاراستە جیاوازەکان، هەروەها بنەماکانی تیۆری (دامەزراوەیی)مان بەکارهێناوە بۆ خستنەڕوی چەمک و دیاردەکان.

**پێکهاتەی توێژینەوە**: توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و دو بەشی سەرەکی و دەرەئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە: بەشی یەکەم، ناساندنی سروشتی دەسەڵاتی سیاسی و پڕۆسەی بە دامەزراوەیی کردنی لەخۆ دەگرێت. بەڵام لەبەشی دوەمدا پرۆسەی دامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتی سیاسی، ئاراستە

نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی، لەگەڵ ڕوانگەی ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی دەربارەی دەسەڵاتی سیاسی دەخەینەڕو.

### ١- ناساندنی سروشتی دەسەڵاتی سیاسی و پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی:

دەسەڵاتی سیاسی و سروشتەکەی بە بابەتێکی سەرەکی زانستی سیاسی ناسراوە، هەر لە پەیدابونی کۆمەڵگەی سیاسییەوە دەسەڵات بەشێکی دانەبڕاوی بوە و پەیوەستبون پێکەوە، بە شێوەیەک ئەستەمە شرۆڤەکردنی کۆمەڵگەیەک بەبێ دەسەڵات. ئەمەش وایکردوە دەسەڵات پێویستییەکی بەڵگەنەویست بێت و دەستبەرداربونی نەبێت.

### ١-١- ناساندنی سروشتی دەسەڵاتی سیاسی:

تێڕوانین و ڕاوبۆچونی پسپۆڕانی بواری زانستی سیاسی بە گشتی و زانستی کۆمەڵناسی سیاسی بەتایبەتی جیاوازە لەسەر چەمکی دەسەڵاتی سیاسی و لەبەرئەوە هەوڵ دەدەین ئەو جیاوازیانە لە میانەی ئەم پێناسە و شرۆڤانەدا بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەویان لەسەر بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش هانز مۆرگنساو (Hans Morgentha) دەسەڵات سیاسی دەناسێنێت بە ئەم شێوەیە: پێیوایە دەسەڵاتی سیاسی پەیوەندییەکی دەرونییە لە نێوان ئەو کەسانەی کە دەسەڵات پراکتیزە دەکەن، لەگەڵ ئەو تاکانەی کە ئەم دەسەڵاتەیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت (الطبیب، ٢٠٠٧: ٧٩) . لێرەدا مۆرگنساو لەسەر بنەمای فەرمانڕەوایی کردن دەڕوانێتە دەسەڵاتی سیاسی، هەر لەسەر ئەم تێڕوانینە کۆمەڵگە بۆ دو گروپ دابەش دەکات: فەرمانڕەوایانی دەسەڵات بەدەست، لەگەڵ فەرمان لەسەرکراوان، واتە: فەرمانکردن و ترس و قەناعەت پێهێنان سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسین. بۆ ئەم مەبەستەش مافی چاودێریکردن بەچینی فەرمانڕەوا دەبەخشێت، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو کاریگەرییانەی کە لەسەر هزر و هۆشی فەرمان لەسەرکراوان بەجێی دەهێڵن. بنەڕەتی ئەم کاریگەریانەش لە سێ خاڵدا خۆی وێنا دەکات:

یەکەم: ملکەچکردنی فەرمان لەسەر کراوان بە مەبەستی بە دەستهێنانی سودێک یاخود وەرگرتنی تایبەتمەندییەک.

دوەم: خۆ دورخستنەوە لە ترسی زیان پێگەیاندنیان فەرمان لەسەرکراوان دەسەڵاتی سیاسی جێبەجێ دەکەن.

سێیەم: وەک ڕێزێک بۆ فەرمانڕەواکان یاخود خۆشەویستیان بەرامبەر بە سیستەمە سیاسییەکە (الطبیب، ٢٠٠٧: ٨٠). هەر لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەسەڵاتی سیاسی چوارچێوەیەکە بۆ فەرمانڕەواییکردن دو واتا

بۆ دەسەڵاتی سیاسی باس کراوە یەکەم: واتایەکی مادی، بریتییە لە بونی هێز و توانست لەسەر چینی فەرمان لەسەرکراوان ڕەنگ دانەوەی ئەو بڕیاردانەیە کە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە دەسەپێنرێت. دوەم: واتایەکی مەعنەوی: پەیوەستە بە خودی کەسانی فەرمان ڕەوا و بڕیار بەدەستان لە دام و دەزگا فەرمییەکاندا (النائب، ٢٠١٧). بەهەمان شێوە لەمیانەی ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی ڕەنگدانەوەی بڕیار و کەسایەتیی فەرمانڕەواکانە، *مۆریس دوڤیرجە*، پێناسەی دەکات و دەڵێت: دەسەڵاتی سیاسی لە هەمو کۆمەڵگەیەکدا فەرمانڕەواکان دایدەمەزرێنن. لێرەدا دەسەڵاتی سیاسی واتاگەلێک وەردەگرێت لە لایەک بریتییە لە: خودی فەرمانڕەواکان و، لە لایەکی تر فەرمانڕەواکان دایدەمەزرێنن و لە تایبەتمەندیی خودی فەرمانڕەواکانە (دوفرجة، ١٩٩١: ١٣٣). هەروەها *ئانتۆنی گیدنز* پێیوایە: دەسەڵاتی سیاسی بریتییە لەو هێزە مەشروعەی کە حکومەت بەکاری دەهێنێت. ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت ئەم دەسەڵاتە ڕەوایەتیی هەیە و لەسەر بنەمای باوەڕبون و ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتی حکومەت بونیادنراوە (غیدنز، ٢٠٠٥: ٤٦٧). ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، *گیدنز* لێرەدا جیاوازیی دەکات لەنێوان هەردو چەمکی دەسەڵات و هێزدا. لە لایەکی ترەوە (ماکس ڤیبر) پێچەوانەی ئەم بۆچونەیە و پێی وایە دەکرێت دەسەڵات ڕەهەندێکی تاکەکەسیی هەبێت و پێوەست نەبێت بە دامەزراوەیەکەوە، یاخود لایەنێکی کارگێڕییەوە. وەک دەسەڵاتی باوک لە خێزاندا، یاخود دەسەڵاتی تاکەکەسێک لە ناوچەیەکی دیاریکراودا (احمد، ٢٠١٩: ١٠).

سەرەڕای ئەم ڕەهەندانەی سەرەوە کە شرۆڤە کراون بۆ واتای دەسەڵاتی سیاسی، دەکرێت دەسەڵاتی سیاسی فراوانتر بێت هەروەک (میشێل فۆکۆ) ئاماژەی بۆ دەکات. بە بڕوای *فۆکۆ* دەسەڵات داگیر ناکرێت لە لایەن تەنیا کەسێکەوە یان لایەنێک و چین و دامەزراوەیەکەوە، بەڵکو دەسەڵاتی سیاسی پراکتیزە و پیادە دەکرێت. ئەمەش واتای ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی ڕەهەند و ئاڕاستە و سروشتێکی گشتگیری هەیە؛ بەربڵاو و فراوانتر و پەرتەوازەیە، نەک فۆرمێکی تاکەکەسی و تایبەتی هەبێت، بەڵکو لە لایەن هەمو کەسێک و بۆ هەمو شتێک و کەسانێکی تر دەکرێت پراکتیزە بکرێت (احمد، ٢٠١٩: ١٢). ئەگەرچی بەشێک لە پێناسەکان ئاماژە بە یەک واتاییی نێوان هێز و دەسەڵاتی سیاسی دەدەن، بەڵام (جاک مارتن) هەردو چەمکی دەسەڵاتی سیاسی و هێز جیا دەکاتەوە و پێی وایە: هێز بریتییە لەو فاکتەرەی کە کەسانێک ناچار دەکات بۆ ملکەچکردن. بەڵام دەسەڵاتی سیاسی مافێکە بۆ ئاڕاستەکردنی تاکەکانی تر و فەرمانکردن پێیان و پابەندبونیان بە گوێڕایەڵیکردن(طیب، ٢٠٠٧: ٧٩). لەژێر ڕۆشناییی ئەم پێناسەدا، بۆمان ڕون دەبێتەوە کە دەسەڵات پێویستی بە هێزە، بەڵام هێز بەبێ دەسەڵاتی سیاسی، بریتییە لە ستەم و ناچارکردن. لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی مافە، کەواتە پێویستە گوێڕایەڵی هەبێت بۆ فەرمانەکانی، ئەمەش لەپێناوی بەرژەوەندیی

گشتیدا. دەسەڵاتێکی سیاسیی ڕەوا ئەم سیفەتە وەردەگرێت و، لە بابەتەکانی داهاتودا باس لە ڕەوایەتیی دەسەڵاتی سیاسی دەکەین.

لە کۆتاییدا دەکرێت هەڵێنجانێک بکەین بۆ چەمکی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمای ئەو پێناسانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کردون. دەسەڵاتی سیاسی بریتییە لە جۆرێک لە توانست کە لایەنێکی باڵا پراکتیزەی دەکات. چوارچێوەیەکی فراوانتر لە گروپ و کۆمەڵە تایبەتییەکانی تاکەکان لەخۆدەگرێت؛ لەپێناوی ئەوەی گشتگیر بێت بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا. هەروەها کۆمەڵێک کاریگەریی لەخۆدەگرێت وەک: مافی دەرکردنی فەرمانگەکان کە پێویستە هەمو تاکەکان گوێڕایەڵی بن، بۆ ئەم مەبەستەش هۆکارگەلێکی وەک هێزی ڕەوا و قەناعەت پێهێنان، بەکاردەهێنێت بۆ گرەنتیکردنی گوێڕایەڵبون و ملکەچکردن.

## ١-٢- پرۆسەی دامەزراوەییکردنی دەسەڵاتی سیاسی:

کاتێک کۆمەڵگە قۆناغی کلاسیکی تێدەپەڕێنێت، قۆناغی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگە دەست پێدەکات، ئەو کات دەسەڵاتی سیاسی لەفۆرمە کۆنەکەیدا کە بەدەسەڵاتی تاکە کەسی(السلطة الشخصية)[١]، ناوزەند دەکرێت، ناتوانێت بەردەوام بێت و کاروبارەکانی هاونیشتیمانیان ڕێکبخات. چونکە کەسێتی فەرمانڕەوا کە دەسەڵاتی سیاسی ڕەهای هەبوە، ناتوانێت خواستی فەرمان لەسەرکراوان دابین بکات. لەهەمان کاتدا تاکەکانی کۆمەڵگە بە هۆی بونی هۆشیارییانەوە ڕازی نابن بەڕێوەبردنی کارەکان تەنها لە دەستی یەک کەسدا بێت. بە ئەم شێوەیەش پێویستی بون و بەهای دامەزراوەییکردن (Institutionalization)[٢]ی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەی نوێدا بو بە پرۆسەیەکی پێویستی (سلیمان، ١٩٨٩: ١٦٨).

لەبەرئەوەی دامەزراوە سیاسییەکان (Political Institutes) بریتیین لە ئەو ئۆرگانانەی کە ژیانی تاکەکان لە کۆمەڵگەی نوێدا لەروی سیاسی و بیرۆکراسییەوە ڕێکدەخەن. دەسەڵاتی سیاسیش باڵاترین دامەزراوەی سیاسییە، کە دەوڵەت بەرێوەدەبات. دەوڵەتیش بە دامەزراوەی دامەزراوەکان ناوزەددەکرێت. دەسەڵاتی سیاسی بەبەردی بناغەی دەوڵەت دادەنرێت. لەهەمان کاتدا لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسییدا کاروباری هاونیشتیمانیان ڕێک دەخات(محی الدين، ٢٠١٣: ١٤٨). هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە جۆرج بۆردۆ باسی لە دەسەڵاتی دامەزراوەیی کردوە و پێی وایە: "دەسەڵاتی دامەزراوەیی پرۆژەیەکە بۆ خزمەتکردنی بیرۆکەیەک، بەشێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی ئەم بیرۆکەیە بێت. لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە تواناکانی بەرجەستە دەکات و بەردەوام دەبێت. کات و تەمەنی زیاتری دەبێت لە ئەو پراکتیزەی تاکەکان هەیانبوە بۆ دەسەڵات"(بوردو، ٢٠٠٢: ٧٠). کەواتە: بۆردۆ وێنای دەسەڵاتی سیاسی دامەزراوەیی دەکات، بەشێوەیەک کە

خزمەتی کۆمەڵگەیەکی سیاسی دیاریکراو دەکات. هەروەها بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و بیرۆکەیەکی دیاریکراو، بەردەوامی هەیە و جیاوازە لە دەسەڵاتی تاکە کەسی ڕەها.

واتە: دەسەڵاتی سیاسی دامەزراوەیی سەربەخۆیە و ناکەوێتە ژێر ڕکێفی کەسایەتی فەرمانڕەوا. هەروەک چۆن دەسەڵاتێکی بەردەوام جێگیرە، لەهەمان کاتدا مانەوە و لەناوچونی بەند نییە بە خودی کەسانی پراکتیزەکارانی دەسەڵاتەوە. ئەم شێوازەی دەسەڵات لە ژێر سایەی یاسادا کاردەکات و جێبەجێ دەکرێت. ئامانجەکەشی بەدیهێنانی چاکەی گشتییە لەکۆمەڵگەدا(خمیس، ٢٠١١: ١٧٧). لە ڕاستیدا کاتێک باس لەسایەی یاسایی دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە کە هەمو کۆمەڵگە بەبێ جیاکاری مل کەچ دەبن بۆ جێبەجێ کردنی یەک سیستەمی یاسایی و بەڕێوەبردن، واتە: پەیوەندی نێوان تاک و دەسەڵاتی سیاسی، هەروەها پەیوەندی نێوان تاکەکانیش بە پێوەرە یاساییەکان ڕێک دەخرێن. ئەمەش دەبێتە هۆکاری دابەش کردنی ڕۆڵ و ئەرکەکانی بەپێی شیاوێتی تەکەکان، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بو کەوا بیرۆکەی دامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەی نوێدا بێتەکایەوە. لەهەمان کاتتدا دابەشکردنی بەرپرسیارێتی شێوازێکی هەرەمی وەرگرتوە بەڵام دەسەڵاتەکانی بەشێوازی ئاسۆیی دابەشکراون (محمد، ٢٠١٤: ١٠٧).

پرۆسەی دامەزراوەییکردن قۆناغێکی زۆر نوێیە بە بەراورد لەگەڵ سەرهەڵدان و دروستبونی دامەزراوەکان. چونکە چەمکی دامەزراوە (المؤسسة) زانایانی کۆمەڵناسی بۆ پۆلێن کردنی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکان، وەک بنەڕەتێک بۆ کلتور و شارستانیەت بەکاریان هێناوە. بەڵام بەدامەزراوەییکردن (المأسسة) پرۆسەیەکە پێویستی بە ڕێکخستن و گرتنەبەری ڕێگە و شوێن و پرۆگرامی بەردەوام هەیە. لەم نێوەندەشدا دامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتی سیاسی واتە : گواستنەوەی دەسەڵات لە دەستی تاکێک یاخود گروپێک کە قۆرخی دەسەڵاتییان کردوە و سنورەکان دیارینەکراون. بۆ دەستی کەسایەتییەکی مەعنەوی. ئەم پرۆسەیەش پرۆسەیەکی یاساییەک لەهەمان کاتدا دەرئەنجامی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری لە کۆمەڵگەدا بەرجەستە دەکات(الموسوی، ٢٠٢٠: ٢٧٤).

بێگومان دەسەڵاتی سیاسی لەئەو کاتەوەی لە چوارچێوەی دامەزراوەییدا پراکتیزەکراوە، جیاکراوەتەوە لە کەسایەتی فەرمانڕەوا. لە ئامێزی کەسایەتییەکی مەعنەویدا پراکتیزە دەکرێت کە دەوڵەتە. ئەمەش وای کردوە سیمای سەرەکی دەوڵەتی دامەزراوەیی بەرجەستەکردنی سەقامگیری سیاسی بێت، چونکە هاونیشتیمانیان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە دامەزراوەکان چالاکییە جۆراوجۆرەکان لەخۆدەگرن و بەسروشتی خۆیان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. هەروەها بڕیارەکانی دەسەڵاتی سیاسی ئامانجەکان و بەرژەوەندی گشتی دەپارێزێت(الاسود، ١٩٩٠: ٣٢٠).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، بۆمان ڕون دەبێتەوە کەوا پرۆسەی دامەزراوەییکردنی دەسەڵاتی سیاسی پرۆسەیەکی ورد و ئاڵۆزە، کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت بۆ کۆمەڵگە تازەگەشەسەندوەکان، کە ئەزمونی پێویستیان نییە لە کارگێڕیدا. تا ئێستاش بە تەواوەتی لە بەهای دامەزراوەییبون نەگەیشتون. چونکە ئەم پرۆسەیە سەرەتا لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا سەرچاوەی گرتوە و گەشەی کردوە. لە ڕاستیدا دامەزراوەکان لە هەمو کۆمەڵگەیەکدا بونیان هەیە، هەروەها بەکارخستنی دامەزراوەکانیش کارێکی زۆر ئەستەم نییە، بە بەراورد بە پێدانی بەها و ڕۆڵ بە دامەزراوەکان. واتە : بونی دامەزراوە چەند گرنگە، پێدانی ڕۆڵ و ئەرک و پێگەکەی زیاتر گرنگترە (الموسوی، ٢٠٢٠: ٢٧٤). لەبەرئەوە پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان هەریەکە لە چەمکەکانی: دەوڵەتی یاسا، یاخود (دەوڵەتی دامەزراوەیی) لەگەڵ دەوڵەتی نادامەزراوەیی. بێگومان لە یەکەمیاندا دەستور و یاسا سەروەرە، تاکەکان ملکەچن بۆ ڕێسا و بڕیارەکان، دامەزراوەکان جێگیرن، ئەوەی گۆڕانکاری تێدا دەکرێت پراکتیزەکارانی یاسا و دامەزراوەکانن. بەڵام لەشێوازی دوەمدا دامەزراوەکان تەنها پەیکەر و باڵەخانەن، دەسەڵاتداران و پراکتیزەکارانی دەسەڵاتی سیاسی باڵاترن لە یاسا و دامەزراوەکان، لەبەر ئەوە دەوڵەتی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی دامەزراوەیی ئەم سیفەتانەی هەیە (جاسم، ٢٠١٥: ٥):

١- یاسا سەروەر دەبێت بەسەر تەواوی لایەنەکانی کۆمەڵگە، لەسەر هەمو ئاستە جیاوازەکان جێبەجێ دەکرێت.

٢- دەوڵەت دیدێکی ڕون و ئاشکرای هەیە بۆ پێش هاتوەکان و ڕوداوەکانی داهاتو، واتە ئامانجەکان دیاریکراون، سیاسەتەکانیش نەخشە بۆکێشراون.

٣-پلان و ڕۆڵ و کارەکان بەرجەستە و ڕونن (الشفافیة) .

ئەم خاڵانەش هۆکارن بۆ ئەوەی پرۆسەی بە دامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتی سیاسی کاتێکی زۆری پێویست بێت، ئەمەش لە میانەی گەشەسەندنی مێژوی کۆمەڵگەدا بەرجەستە دەکرێت، بەیەک قۆناغ و لە کاتێکی کورت و ساتێکدا دروست ناکرێت، ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە دەسەڵاتی دامەزراوەیی جەختییان لەسەر دەکات. واقعێکی کۆمەڵایەتی و مێژوی بونیادیان دەبێت. لەبەر ئەم هۆکارانە، کۆمەڵێک فاکتەری سەرەکی ڕۆڵ دەبینن لە ئەم پرۆسەی بە دامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتی سیاسیدا ئەوانیش(خمیس، ٢٠١١: ١٧٧):

- دەستە وەستانی و بێ توانای دەسەڵاتی تاکەکەسی (کلاسیکی) لە بەرجەستەکردنی سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا.
- دروستبون و بڵاوبونەوەی هۆشیاری سیاسی لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە، هۆشیاربونەوەی فەرمان لەسەر کراوان لە کۆمەڵگەی نوێدا، هۆکار بو بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی تاکە کەسی بۆ دامەزراوەییبونی دەسەڵات.

- گەشەسەندن و ئاڵۆزبونی دام و دەزگاکانی دەوڵەت. ئەم گەشەسەندنە لەروی چەندێتی و چۆنیەتییەوە ڕویداوە، واتە: لەلایەک ژمارەی دامەزراوەکان زیادیان کردوە لەلایەکیتر ئەرک و تایبەتمەندێتی ئەم دامەزراوانە، بێگومان ئەمەش دەرەئەنجامی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی بوە.
- گەشەسەدنی هزر و فەلسەفەی مرۆیی و سیاسی. ئەمەش هۆکار بو بۆ دروستبونی هۆشیاری بەکۆمەڵ لە لای تاکەکان. دروستبونی خواست لەسەر کاری دەستەجەمعی و دامەزراوەیی. دەکرێت لێرەدا بڵێین: پێکهاتەی کۆمەڵگە و هۆشیاری و خواستی مرۆڤەکان قۆناغ بە قۆناغ گەشەیسەندوە و پێشکەوتوە، ئەمانەش فاکتەری سەرەکی بون لە پێویستی گۆڕانکاری لە فۆڕمی دەسەڵاتی سیاسیدا. لەهەمان کاتدا ئەرک و پێکهاتەی دەسەلات و دامەزراوەکانیش فرە و هەمەچەشن بون. ئەمەش پێویستی بە پرۆسەی دامەزراوەیی بون هەیە، تاکو خۆگونجاندنی دامەزراوەکان لەگەڵ خواستەکانی کۆمەڵگە لەلایەک؛ سازانی پێکهاتە و ئەرکەکانی کارمەند و یەکە کارگێرییەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی لەم سەردەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و زانستەدا لەلایەکی تردا بەرجەستە ببێت.

### ١-٢- ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی:

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە تێڕوانینی ئاراستە نوێیەکاینی تیۆری دامەزراوەیی لەبارەی سرشتی دەسەڵاتی سیاسی، سەرەتا هەریەکە لەئاراستەکان باس دەکەین. پاشان ڕوانگەی ئاراستەکان لەبارەی دامەزراوەییکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەخەینەڕو:

#### ١-٢-١ ئاراستەی مێژویی: Historical direction:

ئەم ئاڕاستەیە لە شیکارکردنی دامەزراوەکاندا زیاتر جەخت دەکاتەوە لە دەرئەنجام و دەرهاوێشتە واقیعیەکان. لە پێشەنگەکانی ئەم ئاراستەیە، بیتر کاتزنسکین، تیدا سکوابول، ئەم توێژەرانە زۆر بە وردی لەگەڵ تەواوی ڕوداوە سیاسی و مێژوییەکاندا مامەڵەیان کردوە. ئەمەش بەگوێرەی ئەو کات و شوێنەی کە ئەم ڕوداو و دیاردانەی لەخۆگرتوە، بۆیان ڕون بویەوە کە فاکتەری هاوبەش لە گۆڕانکارییەکاندا ڕۆڵی دامەزراوە سیاسییەکانە. ئامانج لێرەدا بریتی بو لە خستنەڕوی مۆدێلێکی لێکۆڵینەوە بۆ شیکردنەوەی پرۆسەی سیاسی کە زەمینە مێژویی و دامەزراوەییەکان بۆ ڕوداو و دیاردەکان لەخۆ بگرێت (Hall, 1996, 937).

لە هەمان کاتدا ئەم ئاڕاستەیە زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر خستنەڕوی ئەو پێشکەوتنەی کە دامەزراوە سیاسییەکان پێیدا تێپەڕ دەبن، لە ڕوبەڕوبونەوی ئەو ئالێنگارییانەی کە لە ژینگەی قۆناغە مێژوییەکاندا بونیان هەیە. لەبەرئەوە ئاڕاستەی مێژویی پێی وایە: دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵێک دامەزراوەی ئاڵۆز کە لە توانایدا هەیە پەیکەربەندی ئەم دامەزراوانە لەگەڵ دیاریکردنی تایبەتمەندی و ململانێی نێوانیان لە ئەستۆ

بگرێت. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەرانی ئەم ئاڕاستەیە هەوڵیان داوە بەراوردی دەوڵەتەکان بکەن لە پراکتیزەکردنی سیاسەتی گشتی دا. بۆ نمونە: چۆن پەیکەربەندی و شێوازی دامەزرەوە سیاسییە نیشتمانیەکان دەکرێت؟ یاخود پەیوەندی نێوان دامەزراوەی یاسایی و دادوەری لەگەڵ گروپەکانی فشار و دامەزراوە نافەرمییەکاندا لە چ ئاستێکدایە؟ (عبدالقادر، ٢٠٠٨: ٢٤).

گەشەسەندن و سەرهەڵدانی ئەم ئاڕاستەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردو. ئەمەش وەک پەرچە کردارێک بو بەرامبەر بە دید و بۆچونی هەردو تیۆری گروپ و تیۆری بونیادی وەزیفی. بەڵام بە تەواوی ئەم دو تیۆرییەی ڕەت نەکردەوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە لە هەندێک بابەتدا سودی لە ئەم تیۆرییانە وەرگرتوە. بۆ نمونە: بیرۆکەی ئەوەی کە ترۆپکی ڕەوڕەوەی سیاسی زیاتر لە ململانێی گروپەکان لەسەر سەرچاوە و کەرەستە دەگمەنەکانە، هۆکاری ئەمەش نایەکسانییە لە دابەش کردنی ئەم کەرەستە و سەرچاوانەدا. لە ئەم گۆشە نیگایەوە هەوڵیان داوە باشترین شیکاری بۆ ڕۆڵ و پێگەی دەوڵەت پێشکەش بکەن(Hall, 1996, 937). هەروەها توێژەرانی ئەم ئاراستەیە کەوتنە ژێر کاریگەری هەندێک بۆچونی تیۆریستەکانی بونیادی وەزیفی، بەتایبەتی لە ئەو خاڵەدا کە پێیان وابو، کۆمەڵگەی سیاسی بریتییە لە: سیستەمێکی گشتگیر بە شێوەیەک کە بەشەکانی ئەم سیستەمە پێکەوە بەستراون و کارلێک لە نێوانیاندا هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا ڕەخنەیان لە ئەم بۆچونەیان هەبو کە پێیانوابو لایەنی کۆمەلایەتی و کلتوری و دەرونی تاکەکان پێکهاتەی سەرەکین لە ئەم سیستەمەدا. لە بەرامبەردا ئەم ئاڕاستەیە پێی وابو ڕێکخستنی دامەزراوەیی بۆ کۆمەڵگەی سیاسی و ئابوری سیاسی فاکتەری یەکلاکەرەوەیە لە ئاڕاستە کردنی ڕەفتاری تاکەکان و ڕێکخستنی گروپەکان لە کۆمەڵگەی سیاسیدا (قوی، ومحمدالعید، ٢٠١٤: ١٤-١٥).

ئەم شێوازە لە بیرکەردنەوە. هۆکارێک بو بۆ زیاتر بەربڵاوبونی هزرەکانیان لە بواری زانستی سیاسیدا. چونکە بیرمەندانی ئەم ئاراستەیە باوەڕیان بە ئەو بۆچونە هەبو، پشت بەستن بە ڕەوڕوەی مێژو، پەندوەرگرتن لە ئەزمونەکان، هۆکارە بۆ دوبارە بونیادنانەوەی دامەزراوەکان و بەردەوامیدان بە چالاکیەکانی. واتە سود وەرگرتن لە ئەو شارەزای و پێداویستیانەی کە پێشتر هەبوە، بۆ چالاک کردن و بەردەوامی دان بە دامەزراوەکان لە ئێستادا. ئەوان پێیان وایە ڕەهەندی مێژو هۆکارە بۆ بەرەو پێشچونی دامەزراوەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا (شلغوم، ٢٠١٨: ٢٩٢). لەلایەکی ترەوە لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە، ئەو بۆچونە ڕەد دەکەنەوە کە لە قۆناغی کلاسیکی تیۆری دامەزراوەییدا هەبو، کە پێیان وابو هەمان ئەو هێزە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەی لەهەر شوێن و کاتێکدا بێت هەمان دەرەئەنجامی هەیە، هەمان چالاکی هەیە. لەبەرامبەردا ئەم ئاراستەیە بۆچونیان وایە: هەمو گروپ و هێزێک شیاوی گۆڕانکارییە بە گوێرەی ئەو پێودانگ و بارودۆخەی کە ڕەنگدانەوەی قۆناغە مێژوییەکانە و چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی هەیە.

کەواتە، بەگوێرەی ئەم بیرۆکەیە بێت چەمکی دەوڵەت و دامەزراوەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو میرات و بارودۆخە مێژوییەن کە پێیدا تێپەڕبون(شلغوم، ٢٠١٨: ٢٩٣).

لەبەر ئەوە چەمکی دامەزراوە لەلای ئەم ئاراستەیە بە ئەم شێوەیە پێناسە دەکرێت، بریتییە لە: ڕێکارە فەرمی و نافەرمییەکان، ڕۆتین، پێوەرەکان. هونەری پێکەوە بەستنی پێکهاتەی ڕێکخراو لە سیستەمی سیاسیدا، یاخود لە ئابوری سیاسیدا. واتە: ڕێکخستنی ڕۆتین و پێوەرەکانی ڕێکخستن لە سیستەمی بیرۆکراتیدا بەگوێرەی ڕێسا مێژویی و دەستورییەکان (Hall, 1996: 938). بە شێوەیەکی گشتی دامەزرێنەرانی ئاڕاستەی مێژویی دامەزراوەکان پەیوەست دەکەن بە ڕێکخراوەکان و یاساکانی، یاخود ئەو ڕێککەوتنانەی کە لە سیستەمێکی ڕێکخراوی فەرمیدا ئەنجام دەدرێت. واتە: پێیان وایە، دامەزراوەکان زۆرجار لە چوارچێوەیەکی بیرۆکراتی دا بونیاد دەنرێن و کار دەکەن. ئەمەش وا دەکات کەمتر لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا خۆیان بگونجێنن، بەشیاوی دەزانن لەسەر ڕەوتی مێژویی و میراتەکەی بەردەوام بن (peters, 2019: 86).

کەواتە: دەکرێت بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین وەک تایبەتمەندی بۆ ئاڕاستەی مێژویی لە تیۆری دامەزراوەیی نوێدا بە ئەم شێوەیە(Hall, 1996: 938):

– دامەزرێنەرانی ئەم ئاڕاستەیە دەیانەوێت پەیوەندی نێوان دامەزراوەکان و ڕەفتاری تاکەکان بەشێوەیەکی فراوان بەرجەستە بکەن.

– جەخت لەسەر ناڕێکخراوەیی ئەو هێزە دەکەنەوە کە بەرپرسە بەرامبەر بەگەڕخستنی دامەزراوەکان و گەشەپێدانیان. واتە: لێکۆڵینەوە لە هێزە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن؛ کاریگەری ئەم هێزانە لەسەر دامەزراوەکان دەست نیشان دەکەن.

– هەوڵیان داوە گەشەسەندنی دامەزراوەکان شیکار بکەن، پێیانوایە: پرۆسەی گەشەسەندنی دامەزراوەکان پەیوەستە بە ئەنجام گەلیکی بێ مەبەستەوە. واتە: شێوازێک لە خۆڕسکی لە پرۆسەکەدا بونی هەیە.

– گرنگی دەدەن بە یەکانگیری شیکارە سیاسییەکان لەگەڵ بەشێک لە فاکتەر و بیرۆکە و ئەنجامە سیاسییەکاندا. لە میانەی ئەمەشدا دەکرێت بڵێین ئاراستەی مێژویی زیاتر جەخت دەکاتەوە لە دەرئەنجام و دەرهاوێشتە واقیعیەکان. هەروەها بایەخ دەدات بە شێوازی پێشکەوتنی دامەزراوە سیاسییەکان لە ڕوبەڕوبونەوی ئەو ئالێنگارییانەی کە لە ژینگەی قۆناغە مێژوییەکاندا دوچاریان دەبێتەوە.

### ١-٢-١-١ **ئاراستەی كۆمەڵایەتی**: Social direction:

سەرهەڵدانی ئەم ئاراستەیە زیاتر لە چوارچێوەی زانستی كۆمەڵایەتی بە گشتی و زانستی كۆمەڵایەتی ڕێكخراوەكان بەتایبەتی بو. ئەمەش لە كۆتایی حەفتاكانی سەدەی ڕابردودا بو. لە ناونیشانەكەیدا دەردەكەوێت كە ئەم ئاراستەیە پێچەوانەی ئاراستەی میژویی و ئاراستەی سێیەمە. پێشەنگ و زاناكانی زانای كۆمەڵناسن لەوانە (پاوڵ، دیماغیو، فلیغستاین، دوبین سویسال) نەوەک زانای زانستی سیاسی. لەبەر ئەوە ئەم ئاراستەیە كەوتبوە ژێر كاریگەری هەندێک لە تیۆرییەكانی كۆمەناسییەوە. لە ئەوانە: تیۆری بونیادگەرایی (Constructivism)وتیۆری دیاردەناسی (Phenomenological).

بەم شێوەیە ئەم ئاراستەیە هەوڵی داوە ڕەهەند و لایەنەكانی كۆمەڵگە لە ناو شیكارە سیاسییەكاندا بەكاربهێنێت و پاش ئەوەی دەوڵەت و ڕێكخراوەكان و ڕەفتاری تاكەكان یەكەی شیكاری بون. كۆمەڵگە و دیاردە كۆمەڵەیەتییەكان پشت گوێ خرابون(قوی، ومحمدالعید، ٢٠١٤: ١٥). لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە هەوڵیان داوە پەیوەندی نێوان دامەزراوەكان و چالاكی تاكەكان بخەنەڕو. واتە: سروشتی پەیوەندی نێوان ڕەفتاری تاكەكان و دامەزراوەكان بەگوێرەی ڕەهەندە كۆمەلایەتییەكان شیكار بكەن. هەروەها لێكۆڵینەوەیان لەسەر كاریگەری دامەزراوەكان لەسەر ڕەفتاری تاكەكان ئەنجام داوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێیان وایە دامەزراوەكان بە تەنها كاریگاری ناخەنە سەر ڕەفتاری تاكەكان، بەڵكو چالاكییەكانیان دەست نیشان دەكەن، كەوا چۆن لە چوارچێوەیەكی دیاریكراودا كار دەكەن(شلغوم، ٢٠١٨: ٢٩٥).

توێژەرانی ئاراستەی كۆمەڵایەتی ڕەخنەیان ئاڕاستەی تیۆرییە كلاسیكییەكان بە گشتی كردوە. لە هەمان كاتدا ڕەخنەشیان لە هەندێک لە تیۆرییەكانی هاوسەردەمی خۆیان گرتوە. پێیان وابو ئەم تیۆرییانە ڕەهەندی بەهایی و ڕەوشتیان لە شیكاركردندا پشتگوێ خستوە. زیاتر گرنگیان داوە بە چالاكی كارمەندانی دەوڵەت، لەگەڵ ئەو كارلێكانەی كە ئەم تاكانە بەرجەستەی دەكەن لەگەڵ هێزەكانی ناو كۆمەڵگەدا (هاي وآخرون، ٢٠١٩: ١٩٨). بە ئەم شێوەیە لێكۆڵینەوەكانیان لە چوارچیوەیەكی كۆمەڵناسی سیاسیدا ئەنجام داوە. واتە: ڕەهەندی زانیاری و هزری، لەگەڵ بەها و بیروباوەڕ بۆ كار و چالاكیە حكومییەكان، پێكهاتە و ڕەگەزی شیكاری ئەم ئاراستەیە بو. ئەم شێوازەش بە ڕێبازی زانیاری یاخود ڕێبازی نۆرمەكان (Normative) بۆ لێكۆڵینەوە لە سیاسەتی گشتی ناوزەد دەكرێت. بۆ ئەم مەبەستەش چەند پێكهاتە و چەمكی جیاواز بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و كاری مەیدانی بۆ شیكار كردنی ڕەهەند و لایەنەكانی زانیاری نۆرمەكان دەست نیشان دەكەن (قوی، ومحمدالعید، ٢٠١٤: ١٥).

له میانەی ئەوەی کە ئەم ئاڕاستەیە بایەخ بە شیکاری دامەزراوەکان دەدات لە چوارچێوەی نۆرمەکاندا. بۆ ئەم مەبەستەش پێناسەی دامەزراوەکان دەکات لە ڕوی بەهاکان و ڕێکارەکان، لەگەڵ هێماکاندا. لەبەر ئەوە بایەخ بە بەهاکان دەدات لە دەستنیشان کردن و هەڵبژاردنی سیاسیدا لە خودی دامەزراوەکاندا. واتە: بەهاکان و هێماکان وەک لایەنی بابەتی ڕێکاری لە دامەزراوەکاندا بونیان هەیە. کەواتە: کارمەندان و تاکەکانی دامەزراوەکان پابەند دەبن بە ئەو بەها و هێمایانەی کە لە دامەزراوەکاندا بەرجەستە دەبن. بە ئەم شێوەیەش ئەندامانی دامەزراوەکان ڕێنمایی و بەکارپێکراوەکانی دامەزراوەکان جێبەجێ دەکەن (هاي وآخرون، ٢٠١٩: ١٩٩).

له کۆتایدا دەکرێت سێ خاڵ وەک تایبەتمەندی بۆ ئاراستەی کۆمەڵایەتی لە تیۆری دامەزراوەیی نوێدا دەست نیشان بکەین. واتە: ئەم ئەم خاڵانە جیای دەکاتەوە لە ڕەوت و ئاراستەکانی تر:

یەکەم: پسپۆڕان و توێژەرانی ئاراستەی کۆمەڵایەتی هەوڵیان داوە، بە شێوەیەکی فراوانتر لە زانایانی زانستی سیاسەت، پێناسەی دامەزراوەکان بکەن. تەنها ڕێسا و ڕێکار و پێوەرە فەرمییەکان نەگرێتەوە. بەڵکو پێکهاتە هێمایی و دەقی زانیارییەکان و چوارچێوەی مۆڕاڵی تاکەکانیش لەبەرچاو بگرێت. واتە: بە ئەم شێوازە دەگونجێت ئەو بۆشاییەی لە نێوان دامەزراوەکان و کلتوردا هەیە پڕبکرێتەوە، چونکە هەردوکیان دەکرێت تەواوکەری یەکتر بن (Hall, 1996: 947).

دوەم: ئەم ئاراستەیە بایەخ دەدات بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان دامەزراوەکان لەگەڵ چالاکی و کاری تاکەکان. ئەمەش لەمیانەی پەیوەست کردنی دامەزراوەکان بە ڕۆڵی تاکەکانەوە تیایدا. لێرەدا پێوەرەکانی ڕەفتاری تاکەکان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکریت. بەگوێرەی توانا و لێهاتویی و ڕەفتاری کۆمەلایەتی تاکەکان ڕۆڵیان پێ دەدرێت. ئەمەش ئەو شێوازەیە کە دامەزراوەکان کاریگەری دەکەنە سەر ڕەفتاری تاکەکان. زۆرجار بە ڕەهەندی نۆرمەتیڤ ناودەبرێت. بەڵام لە ئێستادا بە ڕەهەندی زانیاری ناسراوە(شلغوم، ٢٠١٨: ٢٩٥).

سێیەم: زاناکانی ئەم ئاڕاستەیە ڕێبازێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی پراکتیزەکردنی دامەزراوەیی پەیڕەو دەکەن. جیاوازن لە هەریەکە لە شیکاری مێژویی و ئاڕاستەی سێیەم. پێیان وایە: ڕێکخراوەکان زۆرجار پراکتیزەی کاری دامەزراوەیی دەکەن. ئەمەش نەک لەپێناو گرنگی دانە بە هۆکار و مەبەستەکانی دامەزراوەکە. بەڵکو بایەخدانە بە دەست کەوتنی ڕەوایەتی و گرینگیدانە بە بەشداربوانی ڕێکخراوەکە. ئەمەش دەبێتە هۆکاری فراوانکردنی ژینگەی کلتوری و بەدەست هێنانی ئامانجی دیاریکراو(Hall, 1996: 949).

### ١-٢-١-٢ **ئاراستەی بژاردەی عەقڵانی**: Rational choice direction:

ئەم ئاراستەیەش بە هەمان شێوەی ئەوانی پێش خۆی لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵداوە. بەڵام جیاوازە لە هەردو ئاڕاستەکەی تر، چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخ بە ڕەفتاری تاکەکان دەدات. هەروەها پێیوایە: مرۆڤ بژاردەی عقلانی بۆ بڕیارەکان دەستنیشان دەکات، بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی دروست بۆ دامەزراوەکان بنیاتبنرێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هۆکارە شیاوەکان بۆ کارەکتەری دامەزراوەکان فەراهەم بکرێت، لەپێناو بەدەست هێنانی ئامانجەکان بەگوێرەی ئەو پێوەرانەی کە لۆژیک و عەقڵی مرۆڤ بەشیاوی دەزانن. چونکە عقلی مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە کۆنترۆڵ کردنی هەست و هەڵچونەکانی ڕەفتاری مرۆڤدا(شلغوم، ٢٠١٨: ٢٩٠).

لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە لەوانە (شیبسل، مارتن، کیوهان فاینغاست) پێیان وایە: بڕیاری تاکەکان هەمیشە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تایبەتی کەسیدا دەبێت. لەسەر ئەم بنەمایەش تاک پەیوەندی دەکات بە دامەزراوەکانەوە، لەپێناو بەرجەستە کردنی ئامانجەکانی و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیدا. لەبەرئەوە دامەزراوەکان شێوازی سیستەم و ڕێسای هاندان بۆ کارمەندەکان پەیڕەو دەکەن. ئەم ئاراستەیە بە پێچەوانەی ئاراستەی کۆمەلایەتی پێی وایە: گۆڕانکاری کردن لە دامەزراوەکاندا ئاسان ئەنجام دەدرێت (هاي وآخرون، ٢٠١٩: ١٨٩). لە هەمان کاتدا ئەم ئاراستەیە پێچەوانەیە لەگەڵ ئاراستەی مێژوییدا، چونکە هەوڵ دەدەن ئەو یاسایانە دەست نیشان بکەن کە کۆنترۆڵی ڕەفتاری سیاسی تاکەکان دەکات. هەروەها دەیانەوێت نمونەی تیۆرییەک بنیادبنێن کە پێشبینی ڕەفتارە سیاسییەکان بکات. پاشان لە واقعدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن، ئەمەش وەک ئەنجام دانی یارییەک. لێرەدا دامەزراوە خاوەن ڕێسای یارییەکەیە، هەر گۆڕانکارییەک لە ڕێساکاندا ئەنجام بدرێت کاریگەری دەبێت لەسەر هاوسەنگی سیستەمی سیاسی و پرۆسەی سیاسی لە دەوڵەتدا(عبدالقادر، ٢٠٠٨: ٢٤).

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، دەتوانین بە کورتی چوار تایبەتمەندی ئاراستەی بژاردەی عەقڵانی دەخەینە ڕو(Hall, 1996: 945):

١- ئەم ئاراستەیە کۆمەڵێک گریمانە دەربارەی ڕەفتارەی تاکەکان بەشێوەیەکی گشتی دەخاتە ڕو. واتە: کۆمەڵێک ڕێساو ستراتیژی بۆ تاکەکان دادەنێت. وەک ڕیساکانی یاری بۆ هەر یاریزانێک ستراتیژی تایبەت و شیاو بە خۆی هەیە، ڕەفتار و هەڵچونی تاکەکان سنوردار دەکات.

٢- زۆرێک لە ئاراستە و تیۆرییەکان وێنای سیاسەت دەکەن بە ململانێی دەسەڵات یان پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، یاخود هونەری هێز...هتد. بەڵام ئەم ئاراستەیە شیکاری سیاسەت دەکات وەک زنجیرەیەک لە چالاکی بە کۆمەڵ کە تاک ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت.

٣- جەخت دەکاتەوە لەسەر کارلێک و پەیوەندی کۆمەڵایەتی تاکەکان لە دەست نیشان کردنی دەرئەنجامی پرۆسەی سیاسیدا. واتە: ڕەفتاری کارەکتەرەکانی ناو دامەزراوەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لەسەر نەخشە و هاوسەنگی لە سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسیدا.

٤- پسپۆڕانی ئەم ئاڕاستەیە هەوڵیان داوە چۆنێتی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی دامەزراوەکان شیکار بکەن. ئەمەش لەمیانەی ئەو بەهاو ئەرکانەدا دەبێت کە دامەزراوەکان لەخۆی دەگرن. هەروەها کاریگەری و کارلێکی نێوان دامەزراوە و کارەکتەرەکانیش ئەم پێوەرانە دەخەنەڕو.

بۆ زیاتر ڕونکردنەوە و تێگەیشتن لەمیانی ئەم خشتەیەدا هەوڵ دەدەین خاڵە سەرەکییەکانی هەردو قۆناغی کۆن (کلاسیک) و ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی بخەینەڕو:

| **تیۆری دامەزراوەیی کۆن(کلاسیک)** | **ئاراستەکانی تیۆری دامەزراوەیی نوێ له دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر بە قوتابخانەی ڕەفتارگەرایی و بونیادی هاتنەکایەوە.** | | |
|---|---|---|---|
| | مێژویی | کۆمەڵایەتی | بژاردەی عەقلانی |
| لێکۆڵینەوە لە سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەیەکی وەسفی و دەستوری ئەنجام دراوە. زیاتر جەختی دەکردەوە لە دەوڵەت و دامەزراوە دەستورییەکەنی دەوڵەت. واتە: دەوڵەت یەکەی سەرەکی شیکاری بو. لایەنی ڕەفتارگەرایی و ئایدۆلۆژی جێگەی بایەخ نەبون. لەلایەکی ترەوە کارەکتەرە نافەرمییەکان، | ئامانجی خستنەڕو و شیکردنەوەی ڕەفتاری تاکەکانە. لە لۆژیکی شیکاریدا جەخت لە فاکتەری بەرژەوەندی دەکاتەوە. پێداگری دەکات لە بەردەوامی دان بە فاکتەرە نەگۆڕەکان، واتە: ستاتیکیە. زیاتر گرنگی بە دامەزراوە فەرمییەکان دەدات. | ئامانجی شیکارکردنی دیاردە و بونیادە مێژوییەکانە. لە شیکاریدا زیاتر پشت بە ڕوداو و قۆناغەکان دەبەستێت. بایەخ دەدات بە فاکتەرە نەگۆڕەکان، لەمیانی قۆناغەکاندا واتە: ستاتیکیە. بایەخ دەدات بە سروشتی پەیوەندی نێوان ڕەفتاری تاکەکان و دامەزراوەکان لە چوارچێوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکاندا. | ئامانجی شرۆڤەکردنی نەریت و کلتورە کۆمەڵایەتییەکانە. زیاتر بایەخ بە لۆژیکی گونجاندن دەدات. ستاتیکیە، پێداگری دەکات لەبەردەوامیدان بە نەریتە کلتوری و شیکردنەوە عەقلانییەکان. بایەخ بە ڕێسا و ڕێکارەکان دەدات. |

| |
|---|
| گروپە کۆمەڵایەتییەکان، هێزە سیاسییەکان پشت گوێ خرابون. |

(ئامادەکردنی: توێژەر)

لێرەدا دەکرێت بەکورتی ئاماژەی پێبدەین، کەوا ئاراستەی بژاردەی عەقلانی زیاتر گشتگیرتر و لۆژیکیترە بەبەراورد لەگەڵ دو ئاراستەکەی تردا. چونکە ئەم ئاراستەیە بایەخی داوە بە هەردو لایەنی مرۆیی و پەیکەر و پێکهاتەی دامەزراوەکان، ئەمەش وادەکات پرۆسەی دامەزراوەییکردنی دەسەڵاتی سیاسی شرۆڤەی ئاسانتربێت، لەهەمان کاتدا ڕێسا و ڕێکارەکانی کارلێک و پەیوەندی نێوان کلتورە کۆمەڵایەتییەکان و دەسەڵاتی سیاسی دەخاتەڕو.

## ٢- دامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتی سیاسی بەگوێرەی ئاراستە نوییەکان:

پاش خستنەڕوی هەر سێ ئارستە نێیەیەکی تیۆری دامەزراەوەیی، لەهەمان کاتدا تیشکمان خستەسەر ئامانج بایەخی ئەم ئاراستانە لە شیکردنەوەی دیاردە و پڕۆسە سیاسییەکاندا، لەم باسەدا هەوڵ دەدەین ڕوانگە و تێڕوانینی ئەم ئاراستانە لەبارەی دامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتی سیاسی بخەینەڕو.

### ٢-١ ڕوانگەی ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی دەربارەی دەسەڵاتی سیاسی:

پاش جەنگی جیهانی دوەم و هاتنەکایەی قوتابخانەی ڕەفتارگەرایی، تیۆری دامەزراوەیی قۆناغێکی نوێی دەست پێ کرد، ئەمەش لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردو بو. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی داوە هەڵە و کەم کورپییەکانی قۆناغی کلاسیکی تیۆرییەکە چارەسەر بکات. لەبەرئەوە زیاتر بایەخی داوە بە شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی و دەسەڵاتی سیاسی لەزۆرێک لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە. واتە: شیکارکردنی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت لە هەمو بوارەکانیدا بەتایبەتی کارلێک و ڕەفتاری مرۆیی لە دامەزراوەکاندا، لە هەمان کاتدا گرنگی دان بە پێکهاتە و ژێرخانی دامەزراوەکان. ئەمەش هۆکار بو بۆ بایەخدان بە لایەنی کارلێکی و پەیوەندی نێوان کارەکتەرە سەرەکیەکانی دامەزراوە فەرمییەکان. هەروەها خستنەڕوی ئەو فاکتەرانەی کە ڕۆڵ و کاریگەریان هەیە لەسەر وێناکردنی شێواز و سروشتی دەستەڵاتی سیاسی (Peters, 2019: 31).

لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆرە بایەخ بە شیکارکردنی دامەزراوەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەدرێت، بەڵام پاش سەرهەڵدانی ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی بایەخی زیاتر دراوە بە لێکۆڵینەوە

لە کارلێک و پەیوەندی نێوان ڕەفتار و عقلانیەتی مرۆڤەکان، لەگەڵ پێکهاتە و بنەما لە دامەزراوەکاندا. ئەمەش لەپێناو ئەوەدا بو کە دامەزراوە سیاسیەکان وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی مانەوە و بەردەوامی دان بە دەسەلاتی سیاسی کە لە کۆمەڵگەدا بونیان هەیە. بێگومان مانەوە و بەردەوامبونی دامەزراوەکانیش پشت دەبەستێت بە سەروەر بونی یاسا و جێبەجێ کردنی یاسا بەبێ جیاوازی. ئاماژەدان بە دامەزراوە سیاسیەکان سەروەری یاسا، واتە: باس کردن لە بنەماکانی دەوڵەتی هاوچەرخ، ئەم بابەتەش بۆ شیکارکردن و چۆنیەتی بە دامەزراوەییکردنی دەسەلاتی سیاسی پێویستیەکی سەرەکییە بەتایبەت بۆ ئەم سەردەمە(جاسم، ٢٠١٥: ٢٠).

ئەم بایەخ پێدانەش لە ئەنجامی ئەو چوارچێوە هزریەیە کە تیۆری دامەزراوەیی لەسەری بونیادنراوە. ئەم چوارچێوەیەش بریتییە لەوەی کە تاچەند دامەزراوەکانی دەوڵەت بەهێز بن بەهەمان ڕێژە سەرکەوتودەبن لە کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی هاونیشتیمانیان و کاروبارەکانیاندا. لەبەرئەوە دیدی تیۆری دامەزراوەیی بە ئەم شێوازە: دامەزراوەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، لە ئەو پەیوەندی و کارلێکانەی کە دروست دەبێت، لە نێوان کارەکتەرەکانی دەسەلاتی سیاسی و کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی. بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە دەوڵەتیان وەک پارێزەری بەرژەوەندی گشتی ناساندوە لە گرفت و ململانێی گروپە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا(شلغوم، ٢٠١٨: ٢٨٧).

کاتێک ئەم تیۆرە ئاماژە بە دەوڵەت دەکات وەک یەکەیەک بۆ لێکۆڵینەوە، مەبەستیان جەخت کردنەوەیە لە ئەو دامەزراوە سیاسیانەیەی کە دەسەلاتی سیاسی لەڕێگەیانەوە پراکتیزە دەکرێن. کەواتە دەگونجێت بڵێین: دامەزراوەکانی دەسەلاتی سیاسی فاکتەر و داینەمۆی بەگەڕخستن و ڕێکخستنی توانای کارەکتەرەکانن لە دەوڵەتدا ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تردا ڕۆڵ و کاریگەریان هەیە لەسەر ڕێکخستنی ئەو بەهاو فۆرمانەی کە لە کۆمەڵگەدا بونیان هەیە، چ لە بواری کۆمەلایەتیدا بێت، یاخود لە بابەتی ئابوریدا بێت، دواجار ئەم دولایەنە تەواوکەری سیاسین لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی(شلغوم، ٢٠١٨: ٢٨٨).

وەک لەپێشتردا ئاماژەمان پێکردوە ئەم ئاوڕدانەوە و بایەخدانە بە دەوڵەت لەلایەن تیۆری نوێی دامەزراوەییەوە بو بە هۆکارێک بۆ هاتنەکایەی سێ ئاراستەی نوێ بۆ شیکارکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت؛ ئەو کاریگەرییانەی کە هەیانە لەسەر بواری گشتی لە کۆمەڵگەدا. ئاراستەکانیش بریتین لە (ئاراستەی مێژویی، کۆمەلایەتی، بژاردەی عەقلانی) لێرەدا بە کورتی تیشک دەخەینە سەر بۆچونی هەریەک لە ئەم ئاراستانە

دەربارەی ڕۆڵ و کاریگەری دامەزراوەکانی دەسەڵاتی سیاسی، هەروەها ئەو پەیوەندی و کارلێکانەی کە دامەزراوەکان دروستی دەکەن لە کۆمەڵگەدا:

**٢-١-١ ئاڕاستەی مێژویی**: ئەم ئاڕاستەیە لە شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی و دەسەڵاتی سیاسیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر چەند بوارێک وەک: ناوەندیێتی (المركزية) لە بەڕێوەبردنی ململانێ و ئاڵێنگارییەکاندا لە پرۆسەی سیاسیدا. وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، دەوڵەت وەک ناوەندی سەرەکی دەناسێنن بۆ لەخۆگرتنی ڕەهەندە جیاوازەکان لە پرۆسەی سیاسی و کارگێڕیدا لەهەمان کاتدا ڕۆڵی تەواو بە دامەزراوە فەرمییەکان دەدەن لە بەجێگەیاندن (الأداء)ی ئەرکەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەدا. لەگەڵ ئەمەشدا پێیان وایە: دامەزراوەکان تاکە فاکتەر نین، بەڵکو گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و پێکهاتە و بەهاکانی کۆمەڵگەش ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە، لەسەر ژینگەی سیاسی و جێ بەجێ کردنی شێوازی و سروشتی دەسەڵاتی سیاسی(Hall, 1996: 942).

لایەنێکی تر کەوا ئاڕاستەی مێژویی زۆر بایەخی پێداوە بریتییە لە هێز و دەسەڵات. هەروەها شرۆڤەی ئەو پەیوەندییە نابەرانبەرەی کردوە کە لە نێوان هێزەکانی کۆمەڵگەدا بونی هەیە. ئەو هێزانەش لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیش لە خۆدەگرێت . لەبەرئەوە لێکۆڵینەوەی کردوە دەربارەی کاریگەری و کارلێکی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی. لەهەمان کاتدا ئەم ئاراستەیە بۆچونی وایە، کە سیاسەتی گشتی بەرهەمی ئەو قۆناغە مێژوییانەیە کە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی پیایدا تێپەڕبون. ئەمەش دەبێت بە هۆکارێک بۆ ئەوەی سروشت و شێوازی دامەزراوەییبونی دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاواز بێت، چونکە ڕەنگدانەوەی ژینگە و پێکهاتەی کۆمەڵگەیە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تردا، ئەزمونی مێژویی و پەیوەندی نێوان کارەکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان بەشدارن لە پێکهێنانیدا(Thoenig, 2003: 3).

لەبەر ئەم هۆکارانەش بو کەوا ئاڕاستەی مێژویی بەتەواوی جەختی کردوەتەوە لەسەر دەوڵەت و گەشەسەندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت. تیۆرڤانینیان وایە دەوڵەت جێگەی مشتومڕ (الجدل) و یەکەی شیکارییە وەک دەست پێک بۆ بەجێگەیاندی پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن لە تەواوی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی دەوڵەتدا. بەتایبەت دامەزراوەکانی یاسادادان و دادوەری بابەتی سەرەکی شرۆڤەی ئەم ئاراستە بو بەمەبەستی گەیشتن بەئامانج لە دامەزراوەییکردنیاندا. هەر لەبەر ئەمەش بو ئەم ئاڕاستەیە لە هەمو ئەوانی تر، زیاتر کەوتبوە ژێر بۆچون و کاریگەری قۆناغی دامەزراوەیی کلاسیک لە ئەم تیۆریەدا (هاي وآخرون، ٢٠١٩: ١٩٣). واتە ئەم ئاراستەیە بە بەراورد بە هەردو ئاراستەکەی تر زیاتر خاڵی هاوبەشی

لەگەڵ ئاراستەی کلاسیک هەیە لە تیۆری دامەزراوەییدا. چونکە هەردوکیان جەخت دەکەنەوە لە لایەنی وەسفی و بەرژەوەندی، هەروەها یەکەی شیکارییان دەوڵەت و دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتە.

**٢-١-٣- ئاڕاستەی کۆمەڵایەتی:** ئەم ئاڕاستەیە لە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە کردن لە دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوە فەرمییەکاندا زیاتر جەخت دەکاتەوە لە بەهاکان و ئەو بیر و بڕوایانەی کە دامەزراوەکانی لەپێناودا بنیادنراوە. بۆ ئەم مەبەستەش لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە بۆچونیان وایە: دەوڵەت لە کۆمەڵێک بەها وتێڕوانینی بونیادی کۆمەڵایەتی پێک دیت. ئەم چوارچێوەیەش هەمو ئەو لایەنەنانە لە خۆدەگرێت، کە دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوەکان لە کۆمەڵگەدا بتوانن پراکتیزەی ئامانج و ئەرکەکانی خۆیان بکەن. واتە: دامەزراوەکان لە میانەی ئەو پڕۆسانەدا بونیاد دەنرێت کە کردار و چالاکییە کلتوری و بەها کۆمەڵایەتیەکان دەگۆڕێت بۆ چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی(شلغوم، ٢٠١٨: ٢٩٥).

کەواتە ئاراستەی کۆمەڵایەتی باس لەئەوە دەکات، کە پڕۆسەی بونیادنان و گەشەسەندنی لایەنی پراکتیزەی دامەزراوەییبون، بەتەنها مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەکان نیە. بەڵکو لەهەمان کاتدا بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایەتی کۆمەڵایەتییە بۆ خودی دامەزراوەکە و کارەکتەرەکانی ناو دامەزراوەکە. ئەم هەنگاوەش گرنگی زۆری هەیە بۆ پڕۆسەی بە دامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتی سیاسی. چونکە دامەزراوەکان پەیوەست دەکات بە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەوە. دەسەڵاتی سیاسیش لەلایەک کاریگەرە بە ئەم ژینگەیە، لەلایەکی تردا پەیوەستە بە بەها و فۆڕمە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەوە، کە پێویستە ڕۆڵی هەبێت تیایاندا (Thoenig, 2003: 4–5).

کەواتە: لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە باوەڕیان وایە ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی چالاکی کلتوری و بەها کۆمەڵایەتییەکان داینەمۆی پڕۆسەی سیاسین لە کۆمەڵگەدا. لەهەمان کاتدا ئەم فاکتەرانە هەڵسوڕێنەری دامەزراوەکانن، هەروەها پێیان وایە: دامەزراوەکان کۆمەڵێک سیستەمی هێمایی و پێوەری مۆڕاڵی لە خۆدەگرن، ئەم پێوەرانەش ڕەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگەدا دەست نیشان دەکەن. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە باس لە بونی پەیوەندییەکی پتەو دەکەن لە نێوان پڕۆسەی دامەزراوەییبون و کلتوری کۆمەڵگەدا، کە ئەمەی دوەمیان کاریگەری و ڕۆڵی هەیە لەسەر سروشت و شێوازی دامەزراوەیی کردنی پڕۆسەی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەدا (هاي وآخرون، ٢٠١٩: ١٩٨).

**٢-١-٤ ئاڕاستەی بژاردەی عەقڵانی:** بە پێچەوانەی هەردو ئاڕاستەی پێشترە، ئەم ئاڕاستەیە زیاتر جەخت دەکات لەسەر ئاوەز (العقل) و توانای تاکەکان لە بەڕێوەبردن و بونیادنانی دەسەڵاتی سیاسی لەکۆمەڵگەدا. لەهەمان کاتدا باوەڕیان وایە پڕۆسەی دامەزراوەییکردن (Institutionalization) باشترین بژاردەی عەقڵانییە بۆ

بەجێ گەیاندنی ئەرک و ئامانجەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەدا. هەروەها لە ئەم پڕۆسەیەدا دەتوانرێت بەهرە و تواناکانی تاک بۆ گەشەسەندن و ڕێکخستنی کۆمەڵگە بەگەڕ بخرێت(تەیب، ٢٠٠٤: ١١٦). لەبەر ئەوە توێژەرانی ئەم ئاڕاستەیە گرنگی زۆریان داوە بە لێکۆڵینەوە لە سروشت و ڕەفتاری تاکەکان، بە تایبەت دەسەڵاتداران و ئەو تاکانەی کە لە جومگەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا بەرپرسیارێتیان هەیە. چونکە باوەڕیان وایە دامەزراوەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لەسەر بۆچون و ڕەفتاری کارەکتەر و فەرمانڕەوا سیاسییەکان. بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراوەکان و پڕۆسەی دامەزراوەبون دەچوێنن بە یارییەک. لێرەدا بۆ هەر یاریزانێک ستراتیژیەتی شیاو بۆ یاری کردن دەست نیشان دەکرێت مەبەستیان ئەو پڕۆسەیەیە کە تیایدا سیاسەتی گشتی و دەسەڵاتی سیاسی کاریگەر دەبن بە ڕەفتا و هزری تاکەکان، پێچەوانەکەشی دروستە(قوی، ومحمدالعید، ٢٠١٤: ١٦).

ئەم ئاڕاستەیە بەپێچەوانەی قۆناغی کلاسیکی تیۆری دامەزراوەیی و ئاڕاستەی مێژویی، بە تەواوی جەخت دەکاتەوە لەسەر خودی تاک، وەک یەکەی سەرەکی شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی سیاسەتی گشتی و دەسەڵاتی سیاسی. واتە: ئەم ئاڕاستەیە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکاندا شیکاری بۆ سروشت و شێوازی دامەزراوەییبونی سیستەم و دەسەڵاتی سیاسی دەکات. بەدارشتنێکی تر کارەکتەری سەرەکی ناسینەوەی بژاردەی عەقڵانی پابەندبونە بە تاکەکانەوە. تەنانەت تیۆریستانی ئەم ئاڕاستەیە دەڵێن کۆمەڵ و دەستە جەمعییەکانیش بەرهەمی خودی تاکەکانە؛ لە تاکەکان پێک دێن. ئەمەش دەبێت بەهۆکاری ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی و سروشتەکەی لە گۆشەنیگای سود و بەرژەوەندی عەقڵانی تاکەکانەوە شرۆڤە بکرێن و بناسرێن. واتە: پڕۆسەی بە دامەزراوەییکردنی دەسەڵاتی سیاسی بەرهەمی خودی عەقلانیبونی مرۆڤەکانە( Rakner, 1996: 4).

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی خستمانەڕو، بۆمان ڕون بویەوە، کەوا ئاڕاستەی بژاردەی عەقڵانی کاری لەسەر دارشتنەوەی دیدگای عقڵانی تاکەکان کردوە لە لێکۆڵینەوەکردن دەربارەی سیاسەتی گشتی و بنەماکانی دامەزراوەییبونی دەسەڵاتی سیاسی ، ئەمەش وای کردوە ئەو شێوازە لە ئایدیالیستەی تیۆری دامەزراوەیی کلاسیک هەیبو تێپەڕێنێت. لەبەرانبەردا مۆدێلێک لە شێوازی عەقڵانیەتی دروست لە سیاسەت و کارگێڕی گشتیدا بخاتە ڕو. بەم شێوەیە دامەزراوەکان دەکەونە ژێر بژاردە و بڕیاری دروستی بڕیار بەدەستەکان(شلغوم، ٢٠١٨: ٢٩١). هەروەها ئەم ئاڕاستەیە بۆچونیان وایە، کەوا دامەزراوەکان شێوازێکن لە گرێبەستی خۆبەخش کە لەلایەن تاکە دەسەڵاتدارەکانەوە لەنێوان خۆیاندا ئەنجامی دەدەن. ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەلایەک، لەلایەکی تر بۆ کەمکردنەوەی ئەنجامی ئەو بڕیارانەی کە بەکۆمەڵ لە بارودۆخێکی کەمی زانیاریدا دەدرێن(قوی، ومحمدالعید، ٢٠١٤: ١٦).

لەکۆتایدا دەگونجێت بڵێین: پڕۆسەی دامەزراوەییکردنی دەسەڵاتی سیاسی چوارچێوەیەکە بۆ کارلێککردنێکی سیاسی و نێوەندگیری نێوان بەرژەوەندی و باوەڕی ئەکتەرەکان لە دەوڵەت و کۆمەڵگەدا. لەبەرئەوە ئەم تێڕوانینە فرە ئاڕاستەییە پێویستییەکی بەڵگەنەویست بو، بۆ تێگەیشتن لە سروشتی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەک، هەروەها خستنەڕوی کارلێککردنی نێوان دامەزراوەکان و شێوازی بەدامەزراوەییکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەکی تردا.

**دەرەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەدا توانیمان بگەین بە ئەم دەرئەنجامانە:

پرۆسەی دامەزراوەییکردن فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی سەربەخۆبێت و نەکەوێتە ژێر ڕکێفی کەسایەتی فەرمانڕەوا. هەروەها دەبێت بە دەسەڵاتێکی جێگیر، لەهەمان کاتدا مانەوە و لەناوچونی بەند نییە بە خودی ئەو تاکانەی کە پراکتیزەی دەسەڵات دەکەن. هەروەها ڕوانگە جیاوازەکانی ئاراستە نوێیەکانی تیۆری دامەزراوەیی، فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ تیشک خستنە سەر ئەو گۆڕانانەی کە لە چەمک و سروشتی دەسەڵاتی سیاسیدا ڕوئەدات. چونکە ئەم ئاراستە نوێیانە توانیان چەند پێشنیازێکی گونجاو سەبارەت بە پرۆسەی دامەزراوەیی کردنی دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەی تیۆریی دامەزراوەیی نوێدا پێشکەش بکەن. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ئاراستانە چۆنێتی و شێوازی فراوانکردنی چەمکی دەسەڵاتی سیاسی و پرۆسەی بەدامەزراوەیی کردنی ئەم چەمکە ڕون دەکەنەوە، ئەمەش وادەکات دەسەڵاتی سیاسی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ شەپۆلی گۆڕانکارییەکاندا. هەروەها وەڵامدەرەوەی ئەو داواکارییانە بیت کە لەکۆمەڵگەدا بونیان هەیە. کەواتە سروشتی دەسەڵات و شێوازی بەدامەزراوەییکردنی لەسایەی هەریەکە لە ئاراستەی (مێژویی، کۆمەڵایەتی، بژاردەی عەقلانی) هەنگاوی گرنگی لەگەشەکردنی تیۆری و پراکتیکیدا ناوە. ئەمەش هۆکار بو بۆ گواستنەوەی لە قۆناغی چەقبەستویی، کە سەردەمی باڵایی قوتابخانەی ڕەفتارگەرایی بو، بۆ دۆخی ژیانەوەی تیۆری، کە بریتی بو لەسەرهەڵدانی ئەم ئاراستە نوێیانە.

لەلایەکی تردا ئەم ئاراستانە مەودایەکی فراوان و فرەلایەنیان لە شیکارکردندا بە چەمکی دەسەڵاتی سیاسی بەخشیوە، لە ئەنجامی بونی سێ ئاراستە لەچوارچێوەی یەک تیۆریدا. ئەمەش ئەو هەنگاوە بو کە لە شێواز و سروشتی دەسەڵاتی سیاسیدا ڕەنگیدایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی هەمەچەشنی بنچینەی فکری و تیۆری لە ڕێگەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەم ئاراستانەوە چەمکی دەسەڵاتی سیاسی

بەجێگیری ماوەتەوە، و توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ گۆڕانە تیۆری و واقیعییەکاندا هەبێت. کە هەوڵیان داوە شیکردنەوە و چارەسەر بۆ ئەو گۆڕانانەی ڕوبەڕوی دەسەڵات و دەوڵەت دەبنەوە دابین بکەن.

لەکۆتاییدا سەرەڕای ئەو گرفتانەی کە بۆ شیکارکردنی سیستەم و دەسەڵاتی سیاسی هاتونەتە پێش، بەڵام لەبەرئەوە هەریەکە لە چەمکی دەسەڵات و دەوڵەت بون بە یەکەیەکی بنەڕەتی لە شیکارکردندا توانای خۆگونجاندنیان هەبو لەگەڵ گۆڕانە تیۆری و واقیعییەکاندا.

# The institutional nature of political power according to new directions in institutional theory

**Omed Abdulqader abdalkarim[1] - Sardar Qadir Muhiddeen[2]**

[1+2] Department of political systems and public policy, College of political science, Salaheddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Institutional theory is one of the oldest theories used to analyze political issues and phenomena. In the classical period, this theory emphasized the constitutional and legal aspects, while paying more attention to the official institutions of the state, especially the powers (legislative, executive and judicial). In the 1950s, due to the rise and dominance of the behavioral school, this theory was ignored by researchers in the field. However, the beginning of a new phase of institutional theory in the 1970s; the emergence of all three directions (historical, social, and rational choice) was also a strong factor in attracting researchers to use institutional theory in their studies.

At the same time, political power has always been of interest and debate in political analysis, although the concept has often been portrayed in the guise of an individual and a ruling group. But in fact, one of the characteristics of political power is institutionalization. For this purpose, this paper describes political power and new directions of institutional theory. On the other hand, it analyzes the nature of institutionalization and how the process of institutionalizing political power is carried out within the framework of new directions of institutional theory.

**Keywords:** Political power, institutionalization process, institutional theory, new directions of institutional theory.

**سەرچاوەكان**


أحمد، جەبار إسماعيل (٢٠١٩) چەمكی دەسەڵات لە هزری ڕامیاری میشیل فۆكۆدا دەركەوتەكانی لە هەرێمی كوردستانە/عیراق. زانكۆی سلێمانی ، كۆلێژی زانستە ڕامیارییەكان، نامەی ماستەر (بڵاونەكراوە)، سلێمانی.

الاسود، صادق (١٩٩٠):علم الاجتماع السياسي أسسه وأبعاده، مطابع وزارة التعليم العراقية، بغداد .

بوردو، جورج(٢٠٠٢): الدولة، ترجمة سليم حداد ، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر، بيروت.

تەیب، حەسەن ئەبشەر(٢٠٠٤): دەوڵەتی هاوچەرخ دەوڵەتی دامەزراوەكانە، وەرگێڕانی: ڕۆوف بێگەرد، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٣٤، سلێمانی .

جاسم، خيرى عبدالرزاق(٢٠١٥): العلاقة بين المؤسسات السياسية و حكم القانون ودوها في بناء الدولة، مجلة السياسية والدولية، جامعة المستنصرية، العدد٢٨-٢٩.

خميس، راغب جبريل (٢٠١١)الصراع بين حرية الفرد وسلطة الدولة، الطبعة الثانية، المكتب الجامعي الحديث، الأسكندرية .

سليمان، عصام (١٩٨٩): مدخل الى علم السياسة، دار النضال للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.

شلغوم، نعيم (٢٠١٨): الاتجاهات النظرية الجديدة في تحليل مفهوم الدولة- النظرية المؤسساتية الجديدة نموذجا، المجلة الجزائرية للأمن الإنساني، العدد السادس، الجزائر.

الطبيب، مولود زايد(٢٠٠٧): علم الاجتماع السياسي، علم الاجتماع السياسي، دار الكتب الوطنية، الطبعة الاولى، بنغازي.

عبدالقادر، عبدالعالى(٢٠٠٨): محاضرات النظم السياسية المقارنة، جامعة سعيدة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، الجزائر.

قوى، بوحنية و محمدالعيد، حسينى(٢٠١٤): السيسة العامة الصحية في الجزائر- دراسة تحليلية من منظور الاقتراب المؤسسي الحديث، المجلة الجزائيرية للدراسات السياسية، العدد الاول، الجزائر.

محمد، وليد سالم(٢٠١٤) مأسسة السلطة وبناء الدولة – الأمة (دراسة حالة العراق)الطبعة الاولى، الأكاديميون للنشر والتوزيع، عمان.

محي الدين، سردار قادر(٢٠١٣): نظرية تمعنة السياسة في فهم الظاهرة السياسية، مجلة (زانكۆى سليمانى)، العدد ٣٩، سليمانى.

الموسوي، نورس احمد كاظم (٢٠٢٠): مأسسة السلطة التنفيذية، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، المجلد ١٠، العدد ٢٩.

النائب، احسان عبدالهادي(٢٠١٧): مفهوم السلطة وشرعيتها: أشكالية المعنى والدلالة، لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە: https://sj.sulicihan.edu.krd/files/2018/05/PP63-80.pdf ڕێکەوتی سەردانی کردن: ٢٠٢١/١١/٤.

هاى وآخرون، كولن(٢٠١٩): الدولة: نظريات وقضايا، ترجمة: امين الايوبي، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، الدوحة .

Thoenin, Jean-Claude, (2003): Institutional Theories and Public Institutions: Traditions and Appropriateness. available at: https://www.researchgate.net/publication/5088430_, (Accessed: 10/8/2022).

Hall, Peter A. (1996): Political Science and The Three New Institutionalism, Harvard University, Political Study Vol: 44.

Peters, B. Guy (2019): Institutional Theory in Political Science, Fourth Edition, Edward Elgar Publishing, Cheltenham, UK.

Rakner, Lise (1996): Rational choice and the problem of Institution,Chr. Michelsen Institute, Bergen.

**پەراوێزەکان:**

(١) مەبەست لە دەسەڵاتی تاکە کەسی (السلطة الشخصية): واتە تەواوی سەروەری و دەسەڵاتەکان لە دەستی تاکێکدایە. باڵا دەستە لەسەر تەواوی دام و دەزگا و دەستەی بەڕێوەبردن. واتە: دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری تێکەڵ کراون و لە دەستی فەرمانڕەوایەکدایە. پێویستە هاونیشتیمانیان گوێڕایەڵ و ملکەچی فرمانەکانی بن. فەرمانڕەوایی و پاراستنی خەڵک وەک ئیمتیازە نەک کارێک بێت و جێبەجێی بکات. بێگومان ئەم شێوازە جیاوازە لە ئەو دەسەڵاتەی کە بە کەسێتی دەکرێت (السلطة المشخصنة) ئەمەی دوەمییان بریتییە لە ئەوەی کە دەسەڵاتەکان جوداکراونەتەوە و دامەزراوەکان

بونیان هەیە لە وڵاتدا. هەروەها سیمایەکی ڕەوایی پێدراوە. بەڵام ئەوانەی کە پراکتیزەی دەسەڵاتی سیاسی دەکەن پێگە و قورساییان زیاترە لە دام و دەزگاکان و هەژمونی تەواویان لەسەر دامەزراوە و بڕیار و یاساکان هەیە. بۆ زانیاری زیاتر:(الاسود، ١٩٩٠: ٤٥٨-٤٥٩).

(٢) دامەزراوەیی کردن (Institutionalization) بریتییە لە: ئەو ڕێسا و ڕێکخستنانەی کە مرۆڤەکان بۆ ڕێکخستنی چالاکییەکانیان لە ئۆرگانێکدا بنیادیان ناوە، واتە: چوارچێوەیەکی پرۆگرام کراوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. ئەم شێوازەش لە ڕێکخستن پشت دەبەستێت بە توانست و شارەزایی تاکەکان، بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی کارەبارەکان و ڕێکخستنی ڕەفتار و شێوازی کارکردن. دامەزراوەکانیش کۆمەڵێک پسپۆڕی جیاوازی وەک ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتوری لەخۆدەگرن. گۆڕانکاری و نوێبونەوە تیایاندا بەردەوام بونی هەیە. چونکە پەیوەستە بە هەستی مرۆڤەکانەوە. دامەزراوەکان بەرهەمی ئەو کۆمەڵگەیەن کە تیایدا لەدایک دەبن، کەواتە نوێبونەوەی دامەزراوەکان هۆکارە بۆ تێگەشتن و بڕیاردان لە گەشەسەندنی کۆمەڵگە. (محمد،٢٠١٤: ٨). کەواتە دامەزراوەیی کردن: پرۆسەیەکە کە تیایدا بنەڕەت و ڕێساکانی پراکتیزەکردنی کرداری مرۆڤەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو بەرجەستە دەکرێت.یاخود شیوازێکی بەردەوامە بۆ هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی. واتە: کۆمەڵە پەیوەندییەکی ڕێکخراوە بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی هەوڵ و توانای تاکەکان، لە پیناو بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانیاندا. هەروەها ئەم پرۆسەیە شێوازێکی سیستماتیک پەیڕەو دەکات، کەوا تەواوی ئۆرگانەکان تەواوکەری یەکتربن. بڕوانە: (الاسود، ١٩٩٠: ٢٠٦).